Kurdistannet کوردستان نێت

The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

---

# بانگەواز بۆ یارمەتی و هاوکاری

بۆ/ هاوولاتیانی کوردستانی

خەمخۆرانی قربانیانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە

هەر وەک هەموو ئەزانن، ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد –چاک- رۆڵی سەرەکی لە بەگرتن و بەدادگاییکردنی بازرگان وتاوانبار فرانس ڤان ئانرات هەبووە، هەروەها ناوەندەکەمان ئەرکی بەردەوامبوونی ئەو دادگاییکردنەی گرتۆتە ئەستۆ.

پرۆسەی دادگاییکردنەکە پێویستی بە دەرامەتی ماددی هەیە و خەرجی دادگاییکردنەکە نزیکەی 12000 یۆرۆی تێدەچێت. ناوەندی هەڵەبجە بێجگە لە ئابوونەوەی ئەندامانی کە تەنانەت خەرجی چالاکییەکانی ناکات لە سایتی ئینتەرنێت و نامە ناردن و تەلەفۆن زیاتر یان سیمینار یان کۆرگرتنێک دەرناکات، هیچ جۆر یارمەتییەک وەرناگرێت لە هیچ حیزب یان رێکخراوێکی کوردستانی یان بیانی.

ئێمە وەک ناوەندی – چاک- بە نامەی فەرمی داوامان لە هەردوو دەسەلاتی باشووری کوردستان و سەرجەم حیزبە کوردستانییەکان کردووە بۆ یارمەتیدانمان بۆ بەردەوامی لەسەر پرۆسەی دادگاییکردنی ئەو تاوانبارە، بەڵام بەداخەوە ئەوە بۆ زیاتر لە 2 مانگە هیچ وەلامێکمان بەدەست نەگەیشتووە لەلایەن هیچ لایەنێکیانەوە، و پشتیان لە هاوکاریکردنمان کردووە، جا لەبەر ئەوە رووی دەممان دەکەینە کوردستانیانی دڵسۆز بۆ هاوکاری بۆ ئەوەی ئەو تاوانبارە بگەیەنین بە سزای خۆی.

شایانی باسە لە دانیشتنی یەکەمی دادگاییەکە ئەوە سەلمێندرا کە 80پتر % ی قوربانیانی کیمیاباران بەو کالا و کەرەسانە کوژراون کە تاوانبار فرانس ڤان ئانرات فرۆشتوویەتی بە رژێمی فاشی عێراق.

تکا لە هەموو کوردستانییەک دەکەین بەدەممانەوە بێن بۆ ئەو کارە پیرۆزە. سەرکەوتنمان لە سزادانی ئەو تاوانبارە رێگا خۆش دەکات بۆ سزادانی ئەو کۆمپانیانەی کە چەکی کیمیاویان فرۆشتووە بە عێراق و بەشێک لە برینە قووڵەکانی ئەو کارەساتانە سارێژ دەکاتەوە و بە جیهانی ئەسەلمێنین کە گەلی کورد قەت لە تاوانباران خۆش نابێت و بە پێی یاسا بە سزایان دەگەیەنێت.

ئەتوانن هاوکارییەکان لە رێی یەکێک لەم سێوانەی خوارەوە بنێرن:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

1- لەسەر ژمارەی حسابی ( 337061 ) ناوی حسابەکە **( Parergon t- Amsterdam)** لە هۆڵەندا

2- لە ڕێی نوێنەرانی ناوەند لەو وولاَتانەی تیایدا ئەژین، ئەگەر کەس نەبوو یان زەحمەت بوو پەیوەندی بە نوێنەری –چاک- بکرێت لە وولاَتێک، تکایە پەیوەندی بە یەکێک لەم ژمارانەی خوارەوە بکەن یان لە ڕێی ئەم ئی مایلەنەی خوارەوە.

لە ئەوروپا - ئەمیر قادر (هۆڵەندا) 0031 647812652

عەلی مەحموود (هۆڵەندا) 0031 152129446

دلێر محمد عەلی (دانمارک) 0045 40509391

گۆران هەڵەبجەیی (دانمارک) 0045 28121223

ئومێد حەسیب (سوید) 0046 45715384

ئاریز دەرەپوری (ئەڵمانیا) 0049 511375276

حاجی ئەنوەر ( سویسرا) 0041 319922977

سەلاح گەرمیان (ئوسترالیا) 0061 296100010

دلاوەر عبدولاَ (ئەمریکا و کەنەدا) 001 5143371739

سەلاح مەزن (کوردستان / هەولێر) 2242066

بەهادین حەمە ئەمین (کوردستان/ سلێمانی/هەڵەبجە) 07701569958

ئی مایل : antigenocide@hotmail.com

chak_org@yahoo.com

**chakswed@yahoo.se**

هەروەها لە ڕێی ماڵپەڕەکەمانەوە زانیاری زیاتر هەیە. www.chak.info

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد – چاک –

2005 / 5 / 4

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com